کورتە وەڵام23بۆ جەیمز جێفری

وەڵام بۆهەڤپەیڤینەکەی روداوی 2017/7/13 لەگەڵ باڵیۆزی پێشوی ئەمریکی لەئیراک، هەویرێکی ئاوکێشە، بەڵام ئەکرێ بەکورتی وەڵامی هەن ێ لایەنی بدەینەوە:

-جێفری: سیاسەتی ئەمریکا بریتییە لەئیراکێکی یەکگرتوی فیدراڵی دیموکراسی، 4500سەربازی ئەمریکی لەو پێناوەدا گیانیان بەخشی.

+کەی وایە!؟ ئەمریکا لەمن باشتر ئە انێ کە ئیراکێکی یەکگرتوی فیدراڵی دیموکراسی، لەوە ئەستەمترە بتەوێ 4+3 بکاتە8. ئەو سەربازە کوژراوانەش لەپێناوی داگیرکردنی ئیراکابو. بەڵام بەخت نەیهێنا وەکچۆن لەڤێتنامیش بەو مەرەیە چونو هەڵاتن.

- کورد حەزئەکەن ئەم گشتپرسییەش وەک ئەوەی 2005 بەکراوەیی بهێڵنەوە.

+تۆ بەم قسەیە دانمان بۆرۆئەکەی! وانیە، جەماوەری کورد بەم گشتپرسییە ناپێویستە، ئەگەر زۆرینەی دەنگی بە بە ێ هێنا، خوازیاری راگەیاندنی سەربەخۆییە. تاکەی ئەمیش بەکراوەیی بهێڵینەوە؟ تائەوکاتەی ئیراک ئەیێتەوە هێزەکەی جارانو بەئەنفالو کیمیایی وەڵاممان ئەداتەوە!؟ بۆیە ئێستا، یادوای گشتپرسییەکە بەماوەیەکی کەم، راگەیاندنی سەربەخۆییەکە، کاڵای پرباڵامانە.

-کوردستانێکی سەربەخۆ، ئیراک بەرەو ئاقاری سەرهەڵدانی دائشێکیدیکە ئەبا. تاوەکو ئەم هەلە هە ێ، ئەمریکا لەگەڵ کوردستانێکی سەربە ۆنابێ!

+جوانە! شیردا بۆداپیر. نە لەئیراکێکی فیدراڵی یەکگرتوی دیموکراسیو نە لەئیراکێکی دائشاویو حەشدی شەعبیاویدا مافی سەربەخۆییمان نە ێ، ئەی کەی!؟ ئنجا خۆئێمە گەرەنتیمان بەئیراک نەداوە کەهەر پارێزەرییین. بۆچی ئیراک پیاوەتی زۆرە بەسەرمانەوە؟ چارەنوسی کوردیش یا هەر نەتەوەیەکیدی، نەبەسراوە بە راو رەزامەندیی ئەمریکاوە. راستە ئەمریکا، یا هەر دەوڵە ێ، لەگەڵ

سەربەخۆییماندابن باشترە، پێچەوانەکەشی، رێ لەسەربەخۆییمان ناگرێ. سەربەخۆیی ئیرادەی خۆمانە.

-هەماهەنگی ئەمریکا لەگەڵ یەپەگە، کاتیو سنورداره!

+واتا دوایی بەگورگانخواردومان ئەدەن!

-بەتەواوی روننیە کام ناوچە، کام گوند، کام شاخ کوردییە.

+کاتی خۆی کامیل چادرچیش وایوت، رەشید ئارفیش بەپێکەنینەوە وتی: وشتر ئەکەین بەحەکەم، لەکوێدا وەستا، ئیتر دوایئەوە کوردستانە (وشتر ئاژەڵی لمەو بەبەرزاییو شاخا سەرناکەوێ).

-تورکیا خاڵی یەکلاکەرەوەیە بۆ هەر گۆرانکارییەک لەڕەوشی کوردستاندا.

+بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەباشوری کوردستانا بەجۆرێ پەرەیسەندوەو چڕبوتەوە کەناتوانی دەس لەو بەژەوەندیانە هەڵگرێ نە ئێستا نە لەباشورێکی سەربەخۆشدا. لەهەردو بارەکەدا تورکیا بەدەس پەکەکەو گویلەنیەکانەوە ئە بنێ، ناچێ شەش ملیۆن کوردی باشوریش بکاتە دژکاری خۆی. ئەگەر هەر ئەو دێزگەراییەشی کرد، ئەوا ئەنجامەکەی، تۆپینی خۆیئە ێ. هەروەها تورکیا ئەوەش باشئە انێ کە لەئەگەری نەمانی حکومەتەکەی باشوری کوردستانا یا دەوڵەتی باشوری کوردستاناو گەڕانەوەی بۆسەر ئیراک، هەمو ئەو بەرژەوەندییانەی لەدەسئەچێو مەگەر هەر کاڵەک بەئە نۆ بشکێنێ!.

-پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەربەخۆیی، شتەکان بەرەوپێشتر ئەبا؟ لەڕوی ئابوریو سیاسییەوە سودی زۆرتری بۆخەڵکی کوردستان ئە ێ؟

+با ئەو پرسیارە هەڵگێرینەوە. ئایا مانەوەی کورد بە ژێردەستەییو دیلی، لەڕوی ئابوریو سیاسییەوە سودی زۆرتری بۆخەڵکی کوردستانئە ێ!؟ بۆچی بەژێردەستەیەتی تورکیاو ئیران، خێری دنیا بەسەر باکورو رۆژهەڵاتی کوردستاندا رژاوە!؟ راستە ئە ێ سەرەتا توشی هەندێ کێشەی ئابوریو سیاسی ببین، بەڵام

زۆرناخایەنێ بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵئەبین. کورد نەتەوەیەکی ئازاو کوردستانیش خاوەنی ئابورییەکی بەهێزە، بۆیە ئایندەمان گەشە مام جیفری.

لەکۆتاییدا ئەمەوێ ئەوەش بڵێم کەئەم بەڕیزە، بیرمەندێکی سەر بەدیموکراتییەکانی ئەمریکایە، مەرجنیە وتەکانی گوزارە لەڕای کۆمارییەکانی خاوەن دەسەڵاتی ئێستابکا.

کامیل ژیر 2017/7/14